# ئەی پێغەمبەری خودا، ئەگەر پیاوێک هات و ویستی پارەکەم ببات؟ فەرمووی: پارەکەتی پێمەدە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پیاوێک هات بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، و ووتی: «ئەی پێغەمبەری خودا، ئەگەر پیاوێک هات و ویستی پارەکەم ببات؟»، -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «پارەکەتی پێمەدە»، (پیاوەکە) ووتی: «ئەی ئەگەر شەڕی دژم کرد؟»، فەرمووی: «تۆیش شەڕ دژی ئەو بکە»، (پیاوەکە) ووتی: «ئەی ئەگەر بمکوژێت؟» -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «تۆ شەهیدیت»، (پیاوەکە) ووتی: «ئەی ئەگەر من ئەو بکوژم؟»، -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئەو لە دۆزەخدایە».«
[صەحیحە] [موسلیم گێراویەتیەوە]

پیاوێک هات بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، پێم بڵێ بۆم هەیە چیبکەم ئەگەر پیاوێک هات بۆ ئەوەی پارەکەم ببات بە ناهەق، فەرمووی: (پارەکەتی -سامانەکەتی- پێمەدە)، (پیاوەکە) ووتی: بۆم هەیە چیبکەم ئەگەر شەڕی دژم کرد؟، فەرمووی: بەرگری لە پارە وسامانەکەت بکە ئەگەرچیش تووشی شەڕ بوویت لە دژی، بەڵام سەرەتا دەبێت بە هۆکاری ئاسان وسادە دووری بخەیتەوە وەکو هاوار کردن وداواکردنی یارمەتی وترساندنی بە دار وتەقە لێکردنی بە شوێنێکدا جگە لە ئاراستەی ئەو، (پیاوەکە) ووتی: ئەگەر توانای هەبوو ومنی کوشت، ئایا چارەنووسم بەرەو کوێ دەبێت؟ فەرمووی: تۆ پاداشتت وەکو پاداشتی شەهید دەبێت، پیاوەکە ووتی: ئەی ئەگەر من توانام هەبوو و بۆ بەرگری کردن لە ماڵ وسامانەکەم کوشتم، ئایا چارەنووسی ئەو بەرەو کوێ دەبێت؟ فەرمووی: ئەو لە دۆزەخ دەبێت بە پێی ویستی خوای گەورە ئەگەر دزی کردن بە حەڵاڵ نەزانێت، چونکە ئەگەر دزی کردن بە حەڵاڵ بزانێت ئەوا بە هەتاهەتایی لە دۆزەخ دەمێنێتەوە؛ چونکە ئەو شتێکی حەڵاڵ کرد کە زانراوە وئاشکرایە لە ئاینی ئیسلامدا حەرامە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3557

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee